حکومەتی هەرێمی کوردستان - عێراق
وەزارەتی پەروەردە
بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان

# زانستەکان

## قۆناغی بنەڕەتی - پۆلی یەکەم



حكومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتـــی پـــەروەردە
بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان

# لـێـــژنـــەی دانـــــــان

## لیژنەی زانستی پرۆگرامەکان

نسرین عثمان صالح | یحیی رضا گوڵ | عبدالله بکر حسین

کوثر توفیق حسن | ژیان رشید سعید | اسکندر مصطفی عبدالرحمن

## سەرپەرشتیاری زانستی چاپ

ژیان رشید سعید | یحیی رضا گوڵ | عبدالله بکر حسین

کوثر توفیق حسن

## پێداچونەوەی زمانەوانی

صادق احمد عثمان

## سەرپەرشتیاری هونەری چاپ

عوسمان پیرداود کواز | خالد سلیم محمود

## نەخشەسازی ناوەڕۆک

ئاکار جەلیل کاکەوەیس | خالد سلیم محمود

## نەخشەسازی بەرگ

ئاکار جەلیل کاکەوەیس

## وێنەکێش

ئاریان عبدالخالق سەرسام

چاپی دووەم | ٢٠٢٢ زایینی | ١٤٤٤ کۆچی | ٢٧٢٢ کوردی

## پێشەکی

لەبەر گرنگی بابەتی زانست کە هۆکارێکە بۆ پێشکەوتنی هەر کۆمەڵگایەك.. لەسەر فەرمانی جەنابی وەزیری پەروەردە ئێمە وەك لیژنەی زانستی هەڵستاین بە دانان و پوختەکردنی کتێبی زانستی پۆلی یەکەمی بنەڕەتی وەك سەرەتایەك.. بەشێوازی تازە و سەردەمیانە کە لە ئاست قوتابییانی هەرێمی کوردستان بێت و کەمتریش نەبێت لە ئاست قوتابییانی هیچ وڵاتێك.. ئەمەش بە لێکدانی هەرسێ کتێبی زانستی (قوتابی و مامۆستا و چالاکی )بەشێوازی چالاکی و وێنە زیاتر و کەمکردنەوەی تێکست و نوسین کە قوتابی چێژی لێ ببینێت و زیاتر تامەزرۆی فێربوون بێت.

...لەگەڵ هیوای سەرکەوتنی سەرجەم قوتابییانی کوردستان...

دانەران



# ناوەڕۆك

## وەرزی یەکەم

### یەکەی یەکەم
#### زانستە زیندەییەکان


بەندی ١ شتە زیندو و نازیندووەکان

بەندی ٢ زیندەوەران و پێویستییەکانیان


### یەکەی دووەم
#### زانستەکانی زەوی


بەندی ١ شوێنێك بۆ ژیان

بەندی ٢ کەش

بەندی ٣ وەرزەکانی ساڵ




# ناوەڕۆك

## وەرزی دووەم


### یەکەی سێیەم
#### زانستە فیزیاییەکان
بەندی ١ ماددە
بەندی ٢ پاڵنان و ڕاکێشان
بەندی ٣ موگناتیس

### یەکەی چوارەم
#### ژینگە و تەندروستی و هاتوچۆ
بەندی ١ ژینگە
بەندی ٢ تەندروستی
بەندی ٣ هێماکانی هاتوچۆ




| | |
|---|---|
| ناوەڕۆك | ٦ |
| زانستە زیندەییەکان (وەرزی یەکەم) - پرۆژەی یەکەکە<br>یەکەی یەکەم - زانستە زیندەییەکان<br>بەندی یەکەم - شتە زیندو و نازیندوەکان | ١٠ |
| وانەی ١ - هەستەکانم | ١١ |
| وانەی ٢ - چۆن هەستەکانم یارمەتی فێربوونم دەدەن؟ | ١٢ |
| ڕاهێنانی گشتی | ٢٦ |
| وانەی ٣ - شتە زیندو و نازیندوەکان چین؟<br>ڕاهێنانی گشتی<br>(وەرزی یەکەم) زانستە زیندەییەکان<br>یەکەی یەکەم - زانستە زیندەییەکان | ٣١<br>٤٢ |
| بەندی دووەم - زیندەوەرەکان و پێداویستییەکانیان | ٤٤ |
| وانەی ١ - پێویستییەکانی گیانەوەران چین؟ | |
| ڕاهێنانی گشتی | ٤٥ |
| وانەی ٢ - جۆرەکانی گیانەوەر کامانەن؟<br>ڕاهێنانی گشتی<br>وانەی ٣ - بەشەکانی ڕووەك کامانەن؟<br>وانەی ٤ - پێویستییەکانی ڕووەك چین؟ | ٥٢<br>٥٧<br>٦٣ |
| ڕاهێنانی گشتی | ٦٩ |
| (وەرزی یەکەم) | ٧٩ |
| یەکەی یەکەم - زانستە زیندەییەکان | ٨٦ |
| بەندی یەکەم - شوێنێك بۆ ژیان | ٩٠ |

| | |
|---|---|
| وانەی ١ - وشکایی | ٩٢ |
| (وەرزی یەکەم)<br>یەکەی دووەم - زانستەکانی زەوی<br>بەندی دووەم - کەش | ٩٨ |
| وانەی ١ - کەش چییە؟ | ٩٩ |
| بارەکانی کەش | ١٠١ |
| (وەرزی یەکەم)<br>یەکەی دووەم - زانستەکانی زەوی<br>بەندی سێیەم - وەرزەکانی ساڵ | ١٠٤ |
| وانەی ١ - چوار وەرزەکەی ساڵ | ١٠٥ |
| ڕاهێنانی گشتی | ١١٣ |
| زانستە فیزیاییەکان (وەرزی دووەم) - پرۆژەی یەکەکە<br>یەکەی سێیەم - زانستە فیزیاییەکان<br>بەندی یەکەم - ماددە | ١١٨ |
| وانەی ١ - دۆخی ڕەقی | ١٢١ |
| وانەی ٢ - دۆخی شلی | ١٢٧ |
| وانەی ٣ - دۆخی گازی | ١٣٣ |
| وانەی ٤ - بارستایی و قەبارەی ماددە | ١٣٩ |
| ڕاهێنانی گشتی | ١٤٤ |
| (وەرزی دووەم) زانستە فیزیاییەکان<br>یەکەی سێیەم - زانستە فیزیاییەکان<br>بەندی دووەم - پاڵنان و ڕاکێشان | ١٥٠ |

| | |
|---|---|
| وانەی ١ - پاڵنان و ڕاکێشان چین؟ | ١٥١ |
| وانەی ٢ - چی شتەکان دەجوڵێنێ؟ | ١٥٣ |
| ڕاهێنانی گشتی | ١٥٩ |
| (وەرزی دووەم) زانستە فیزیاییەکان<br>یەکەی سێیەم - زانستە فیزیاییەکان<br>بەندی سێیەم - موگناتیس | ١٦٤ |
| وانەی ١ - موگناتیس چییە؟ | ١٦٥ |
| وانەی ٢ - جەمسەرەکانی موگناتیس | ١٦٧ |
| وانەی ٣ - شێوەکانی موگناتیس | ١٦٨ |
| وانەی ٤ - هێزی موگناتیس | ١٦٩ |
| ڕاهێنانی گشتی | ١٧٤ |
| (وەرزی دووەم)<br>یەکەی چوارەم - ژینگە و تەندروستی و هاتوچۆ<br>بەندی یەکەم - ژینگە | ١٧٨ |
| وانەی ١ - پاراستنی ژینگە | ١٨٠ |
| (وەرزی دووەم)<br>یەکەی چوارەم - ژینگە و تەندروستی و هاتوچۆ<br>بەندی دووەم - تەندروستی | ١٨٦ |
| وانەی ١ - ددان شۆرین | ١٨٨ |
| (وەرزی دووەم)<br>یەکەی چوارەم - ژینگە و تەندروستی و هاتوچۆ<br>بەندی سێیەم - هاتوچۆ | ١٩٦ |
| وانەی ١ - هێماکانی هاتوچۆ | ١٩٧ |


ئێـــمـــه
کوردستانمان
خۆشدەوێت

١

# وەرزی یەکەم

## یەکەی یەکەم

زانستە
زیندەییەکان

## بەندی یەکەم

شتە زیندو و
نازیندوەکان



وانەی ١

# هەستەکانم




## ئامانجەکانی فێربوون

- مرۆڤ بە پێنج هەستەکانی دەتوانێت شتەکانی دەوروبەری جیابکاتەوە.
- هەستەکان گرنگن بۆ مرۆڤ بۆیە پێویستە بیانپارێزین.



وانەی

٢



# چۆن هەستەکانم یارمەتی فێربوونم دەدەن؟

## چالاکی

## بەکارهێنانی هەستەکان

**پێویستیم بە ئەمانە هەیە**

قاشە میوە

دەفر













١. چاوەکانم دەبەستم.

٢. دەستی لێدەدەم و بۆنی دەکەم و تامیشی دەکەم.

# هەستەکان




## بۆ مامۆستا



- پێنج هەستەکان بریتین لە (بینین ، بۆن کردن ، بیستن ، تام کردن ، بەرکەوتن).
- هەستەکانمان زانیاریمان دەربارەی شتەکانی دەوروبەر پێدەدەن.
- هەستەکان زانیاریمان دەربارەی شێوە و دەنگ و تام و بۆن و بەرکەوتنی شتەکان پێدەدەن.

## هەستی بینین



## بەچاو دەبینم.

### بە چاو ڕەنگەکان دەبینم:



### بەچاو شێوەکان دەبینم:



### بە چاو شتی گەورە و بچوك لەیەك جیادەکەمەوە:



## بــــۆ مـامـۆسـتـا



هەستی بینین یارمەتیمان دەدات بۆ:



- بینینی ڕەنگەکان.
- بینینی شێوەکان.
- بینینی جیاوازی قەبارەی شتەکان.

## چالاکی



- پشیلە گەورەکە بە ڕەنگی (سوور) ڕەنگ دەکەم.
- پشیلە بچوکەکە بە ڕەنگی (شین) ڕەنگ دەکەم.



## هەستی بۆن کردن



## بە لوت بۆن دەکەم

- بەلوتم هەست بە جیاوازی نێوان بۆنەکان دەکەم.
- بەلوتم هەست بە بۆنە خۆش و ناخۆشەکان دەکەم.




## بۆ مامۆستا



هەستی بۆن کردن یارمەتیمان دەدات بۆ:



- جیاکردنەوەی بۆنەکان.
- هەر شتێك بۆنی تایبەتی خۆی هەیە.
- جیاکردنەوەی بۆنی خۆش و بۆنی ناخۆش.



# چالاکی

ئەوەی بۆنی خۆشە بەهێڵ بە بازنە **شینەکەی** دەگەیەنم،

ئەوەی بۆنی ناخۆشە بەهێڵ بە بازنە **پرتەقاڵیەکەی** دەگەیەنم.







بۆنی خۆش

بۆنی ناخۆش








- به گوێیەکانم دەنگی خۆش و ناخۆش دەبیستم.
- به گوێیەکانم دەنگی بەرز و نزم دەبیستم.








## بۆ مامۆستا

هەستی بیستن یارمەتیمان دەدات بۆ:



- بیستنی دەنگەکان.
- جیاکردنەوەی دەنگی نزم و دەنگی بەرز.
- جیاکردنەوەی دەنگی خۆش و دەنگی ناخۆش.



# چالاکی



- بازنەی ئەو وێنانەی دەنگیان بەرزە (سوور) دەکەم.
- بازنەی ئەو وێنانەی دەنگیان نزمە( شین ) دەکەم.









# چالاکی



- ئەو وێنانەی دەنگیان هەیە ڕەنگیان دەکەم.











هەستی تام کردن (چەشتن)



بە زمان تام دەکەم.

- بە زمان تامی شیرین و تاڵ و ترش و سوێری دەکەم.
- بە زمان هەست بە تامی خۆش و ناخۆش دەکەم.









## بۆ مامۆستا

هەستی تام کردن یارمەتیمان دەدات بۆ:



- تام کردنی شتەکان بە زمان.
- جیاکردنەوەی تامی شتەکان.
- جیاکردنەوەی تامە خۆش و ناخۆشەکان.
- جیاکردنەوەی تامە شیرین و تاڵەکان.
- جیاکردنەوەی تامە سوێر و ترشەکان.





## چالاکی

- تامەکان بەهێڵێك بەوێنەکان دەگەیەنم.

ترش    سوێر    تاڵ    شیرین











# هەستی بەرکەوتن

## بە دەستەکانم هەست بە شتەکان دەکەم

- بە دەستەکانم جیاوازی لەنێوان شتەکان دەکەم.
- بە دەستەکانم جیاوازی لەنێوان شتە نەرم و ڕەقەکان ، لوس و زبرەکان دەکەم.



### بـــۆ مـامـۆسـتـا

هەستی بەرکەوتن یارمەتیمان دەدات بۆ:



- هەستکردن بە ڕووی شتەکان.
- جیاکردنەوەی شتەکان لە یەکتری وەك:

نەرم و ڕەق ، لوس و زبر ، سارد و گــەرم.





# چالاکی

● ئەو چوارگۆشەیەی کە لەم وێنانە ڕاستن ڕەنگیان دەکەم:



نەرم ڕەق



لوس

زبر



لوس

زبر



نەرم ڕەق





## چالاکی

- بازنەی ئەو شتانەی کە گەرمن (سوور) دەکەم،
- بازنەی ئەو شتانەی کە ساردن (شین) دەکەم.











# ڕاهێنانی گشتی



بازنەیەك بەدەوری هەموو ئەو هەستانە دەکێشم، کە یارمەتی قوتابی دەدەن بۆ ناسینی سێو.



١. هێڵێکی **سوور** بەدەوری ئەو منداڵە دەکێشم، کە هەستی **بۆن کردن** بەکاردەهێنێت.

٢. هێڵێکی **شین** بەدەوری ئەو منداڵە دەکێشم، کە هەستی **بەرکەوتن** بەکاردەهێنێت.

٣. هێڵێکی **سەوز** بەدەوری ئەو منداڵە دەکێشم، کە هەستی **بیستن** بەکاردەهێنێت.











# چۆن هەستەکانم یارمەتی فێربوونم دەدەن

بازنەیەك بەدەوری ئـــــەو هەستانەدا دەکێشم، کە قوتابی لەکاتی خوێندنەوەی کتێبدا بەکاریان دەهێنێت.





وێنەی ئەو کەسەی هەستی بۆن کردن بەکاردەهێنێت ڕەنگ دەکەم.













## چالاکی

ئەمانە بە هێڵ بە هەستی گونجاو دەگەیەنم.

























وانـــەی
٣

# شتە زیندو و نازیندوەکان چین؟





## ئامانجەکانی فێربوون

- شتە زیندو و نازیندوەکان پۆلێندەکات بە پشتبەستن بەسیفەتەکانیان.
- دیاری دەکات کە گیانەوەر و ڕووەك زیندون.
- باسی جیاوازی شتە زیندو و نازیندوەکان دەکات.





## چالاکی

# زیندو و نازیندو

## پێویستیم بە ئەمانە هەیە



شتی جۆراوجۆر
لەزیندو و نازیندو



١ سەرنجدەدەم



٢ بەراورد دەکەم



٣ پۆلێندەکەم



٤ دەدوێم



## بـــــۆ مــامۆســتــا



- شتە زیندووەکان پێویستیان بە : خۆراك - ئاو - هەوا هەیە .
- گیانەوەر و ڕووەك شتی زیندون و گەشەدەکەن و زۆردەبن .
- شتە نازیندووەکان پێویستیان بە : خۆراك - ئاو - هەوا نییە .
- شتە نازیندووەکان گەشەناکەن و زۆرنابن.

## لەم وێنانەدا:

- بازنەی شتە زیندووەکان بە (سوور) ڕەنگ ،
- بازنەی شتە نازیندووەکان بە (شین) ڕەنگ دەکەم.





لەم وێنەیە شتە زیندووەکان ڕەنگ بکە.





وێنەی شتێکی نازیندو دەکێشم و
ڕەنگی دەکەم.

بە هێڵێك دەگەم بە
شتە زیندوەکە.






سیفەتی زیندو
زیندو
خۆراك دەخوات
زۆردەبێت
گەشە دەكات

## سیــفەتی نــازیندو

نازیندو

خــۆراك
نــاخوات

زۆرنابێت

گەشە
ناکات





# قۆناغەکانی گەشەکردن



بەهێڵێك شتە زیندووەكە بەو وشانە دەگەیەنم
كە بۆی دەگونجێت.





خۆراك
دەخوات

ناجولێت

گەشەدەكات

ناخەوێت

زۆردەبێت

## ڕاهێنانی گشتی

بەڕەنگی ( سوور ) سێ شتی زیندو کە گەشە دەکەن و زۆردەبن ڕەنگ دەکەم.





ئەو شتانەی چێڵ (مانگا) پێویستی پێیان هەیە بۆئەوەی گەشەبکات و گەورەبێت هێڵی بەدەوردا دەکێشم.















لەم وێنانەدا:

نیشانەی ✓ لـەژێـر شـتی زیـنـدو، نیشانەی ✗ لەژێر شتی نازیندو دادەنێم.



شتە زیندوەکـان بە (سـەوز) و شتە نـازیندوەکان بـە(سـوور) ڕەنـگ دەکـەم.



١

# وەرزی یەکەم

## یەکەی یەکەم

زانستە زیندەییەکان

## بەندی دووەم

زیندەوەرەکان و پێداویستییەکانیان



وانـــەی
١

# پێویستییەکانی گیانەوەران چین؟

| | | | |
|---|---|---|---|
| شوێنی ژیـــان | خـۆراك | هـــەوا | ئـــاو |

## ئامانجەکانی فێربوون

- فێردەبێت کە گیانەوەران پێویستیان بە خۆراك و ئاو و هەوا و شوێنی ژیان هەیە.
- سیفەتی شتە زیندووەکان دیاری دەکات کە وایان لێدەکات بتوانن پێداویستییەکانیان بەدەستبهێنن.





## چالاکی

# خۆراك بە باڵندەکان دەدەم

پێویستیم بە ئـــەمـــانە هـــەیە.



دەفر (ئامان)



پـــــــەت



خۆراکی باڵندەکان (دانەوێڵە)



١ دروستیدەکەم



٢ پڕیدەکەم



٣ هەڵیدەواسم



٤ تێبینی دەکەم

# پێداویستییەکانی ژیانی گیانەوەران.




## بۆ مامۆستا



- له ڕووی خۆراکەوە: گیانەوەران جیاوازن وەك مەڕ گیادەخوات و پڵنگ گۆشت دەخوات.
- لە ڕووی هەوا: گیانەوەرە وشکاوەکییەکان هەوای دەوروبەر وەردەگرن بەهۆی سییەکان و گیانەوەرە ئاوییەکان وەك ماسی هەوای ناو ئاو بەهۆی ڕیشوەکانی وەردەگرێت.
- لە ڕووی شوێن: گیانەوەران لە ڕووی شوێنی ژیانییان جیاوازن هەیانە هێلانە دروست دەکات وەك باڵندە هەیانە لە ئەشکەوت دەژی وەك شەمشەمەکوێرە.



## چالاکی

زیندووەکان بە پێداویستییەکانیان دەگەیەنم.



شوێنی ژیان



ئاو



هەوا



خۆراک



لەم خشتەیەدا ئەوانەی کە پێویستیان بە خۆراك هەیە لەگەڵ ئەوانەی کە پێویستیان بە خۆراك نییە بە ژمارە دادەنێم.

| ئەوشتانەی کە پێویستیان بە خۆراك هەیە | ئەوشتانەی کە پێویستیان بە خۆراك نییە |
|---|---|
| | |
| | |
| | |

١


٢


٣


٤


٥


٦




ئەوانـە ڕەنـگ دەکـەم کـە پێویسـتییان بـە
شـوێنی مانـەوە و هـەوا هەیـە.













● ئەوانەی کە پێویستییان بە ئاو هەیە، بازنەکەیان بە (سوور) ڕەنگ دەکەم.













## ڕاهێنانی گشتی

گیانەوەر پێویستی بە هەوا هەیە سێ شتی تر بەڕەنگی (سوور) ڕەنگ دەکەم کە ئەم سەگە پێویستی پێی هەیە بۆئەوەی بژێت.







## چالاکی

جگە لە هەوا پێداویستی ئەمانە بەیەکتر دەگەیەنم:











شوێنی ژیان

ئاو

خۆراک



جگە لــەهــەوا هەموو پێداویســتییەکــانی تــر

(ئاو - خۆراك - شوێنی ژیان) بۆ گیانەوەران ڕەنگ دەکەم:







وانەی
٢

# جۆرەکانی گیانەوەران کامانەن؟

| | | |
|---|---|---|
| باڵندەکان | مێرووەکان | شیردەرەکان |
| ماسییەکان | وشکاوەکییەکان | خشۆکەکان |

**ئامانجەکانی فێربوون**

- دیاری کردنی پۆلێنی گیانەوەران.





# چالاکی

## جۆرەکانی گیانەوەر

پێویستیم بە ئەمانە هەیە.



کارتی وێنەی گیانەوەران



(دەزوو) یا پەت



قوڕی دەستکرد



١

سەرنجدەدەم



٢

پۆلێندەکەم



٣

وێنەی گیانەوەرێك هەڵدەبژێرم



٤

نمونەی هاوشێوەی بۆ دروستدەکەم


جۆرەکانی
گیانەوەر
مێرووەکان
باڵندەکان
ماسییەکان
وشکاوەکییەکان
خشۆکەکان
شیردەرەکان



## بـــۆ مـامـۆسـتـا



- ١. جۆرەکانی گیانەوەر بۆ قوتابییان ڕوون بکاتەوە لەڕووی پۆلێنەوە .
- ٢. ئەمانە ڕوون بکاتەوە :
- **شیردەرەکان (مەمکدارەکان) :** ئەو گیانەوەرانەن بێچوەکانیان بەشیری مەمکەکانی خۆیان بەخێو دەکەن ، لەشیان بە موو داپۆشراوە.
- **باڵندەکان :** ئەو گیانەوەرانەن کە دوو باڵ و دوو پێیان (قاچیان) هەیە، لەشیان بەپەڕ داپۆشراوە.
- **خشۆکەکان :** ئەو گیانەوەرانەن کە پێستێکی زبر و وشك و ڕەقیان هەیە .
- **وشکاوەکییەکان :** ئەو گیانەوەرانەن کە پێستێکی نەرم و شێداریان هەیە.
- **مێرووەکان :** ئەو گیانەوەرانەن کە شەش قاچیان هەیە ، زۆربەی مێرووەکان باڵیشیان هەیە .

**ماسییەکان :** ئەو گیانەوەرانەن لە ئاودا دەژین ، لەشییان بە پولەکە داپۆشراوە .



# چالاکی

- هەموو وشکاوەکییەکان بە **پرتەقاڵی** ڕەنگ دەکەم.
- هەموو مەمکدارەکان (شیردەرەکان) بە ڕەنگی **قاوەیی** ڕەنگ دەکەم.
- هەموو خشۆکەکان بە **سەوز** ڕەنگ دەکەم.
- هەموو باڵندەکان بە **شین** ڕەنگ دەکەم.
- هەموو ماسییەکان بە **زەرد** ڕەنگ دەکەم.
- هێڵێك بە دەوری هەموو مێرووەکان دەکێشم.





## هەریەك لە ئەمانە دەگەیەنم بە جۆرەكەی:



شیردەرەكان



مێرووەكان



باڵندەكان



وشكاوەكییەكان



خشۆكەكان

# ڕاهێنانی گشتی



وێنەیەك بۆ هەر کۆمەڵە گیانەوەرێك دەکێشم.

| | | |
|---|---|---|
| وشکاوەکییەکان | ماسییەکان | مێرووەکان |
| شیردەرەکان | باڵندەکان | خشۆکەکان |



هەر گیانەوەرێك بەهێڵێك دەگەیەنم بـــە جۆرەكەی، پاشان وێنەكان ڕەنگ دەكەم .

بـــاڵنـدەكـــان



خشۆكـەكـــان



مـــاسییەكـــان



شیردەرەكـــان



ئەم گیانەوەرە بە هێڵێك
دەگەیەنم بە جۆرەکەی:





## ژمـــارەی گونجاو بۆ هەر گیانەوەرێك دادەنێم:

١ شـیردەرەکـان

٢ وشکاوەکییەکان

٣ بـاڵـنـدەکـــان

٤ مـــاسییەکـــان

٥ خشۆکـەکـــان















وانـــەی
٣

# بەشەکانی ڕووەك کامانەن؟



## ئامانجەکانی فێربوون

- تێبینی بەشەکانی ڕووەك دەکات .
- بەشە سەرەکییەکانی ڕووەك دیاری دەکات و ڕۆڵی هەریەکەیان نیشان دەدات.



## چالاکی

# بەشـــەکـــانی ڕوەك

پێویستیم بە ئـــەمـــانە هـــەیە.

ڕوەك 

هاوێنەیەکی گەورەکەری دەستی 

پەڕەکاغەزێك 

وێنەی ڕوەکێك 

پێنوسی ڕەنگاوڕەنگ 

١



سەرنجدەدەم

٢



بەشەکانی ڕوەك دەناسمەوە

٣



وێنە دەکێشم

٤



دەدوێم




## بۆ مامۆستا



- پێویستە بەشەکانی ڕووەك بۆ قوتابییان ڕوون بکاتەوە لە ڕووی فرمانەوە :
- **گەڵا** : خۆراك بەرهەم دەهێنێ .
- **قەد** : بەشەکانی ڕووەك هەڵدەگرێ و ئاو و ماددەی خۆراکی دەگوازێتەوە .
- **ڕەگ** : ڕووەك بەخاکەوە دەچەسپێنێت و ئاو لە خاکەوە دەمژێت .
- **گوڵ** : تۆو بەرهەم دەهێنێ .
- بۆ قوتابیان ڕوون بکاتەوە کە بەشە جیاکانی ڕووەك دەخورێن . وەك :
  ( خاس (کاهو) - گێزەر - تەرەپیاز - قەرنابیت ) .
- پێویستە باسی تۆوی ڕووەك بۆ قوتابییان بکات و گرنگییەکەیان بۆ ڕوون بکاتەوە .



# چالاکی



وێنەی گەڵاکان بۆ ڕووەکە دەکێشم



وێنەی ڕەگەکان بۆ ڕووەکە دەکێشم

وێنەی قەد بۆ ڕووەکە دەکێشم



وێنەی گوڵێک بۆ ڕووەکە دەکێشم





- ئـەو بەشـەی ڕوەك، کـە خـۆراك بەرهـەم دەهێنێـت بـە (سـەوز) ڕەنگـی دەکـەم.
- ئـەو بەشـەی ڕوەك، کـە ئـاو لـە خاکـەوە دەمژێت بە (پرتەقاڵی) ڕەنگی دەکەم.
- ئەو بەشەی ڕوەك، کە تۆو بەرهەم دەهێنێت بە (سوور)ڕەنگی دەکەم.
- ئەو بەشەی ڕوەك، کە ئاو دەگوازێتەوە بۆ گەڵا بە (قاوەیی) ڕەنگی دەکەم.



## بەهێڵێك نوسینەكان دەگەیەنم
## بە بــەشــەكــانی ڕوەكــەكە

گــوڵ

گــەڵا

ڕەگ

قــەد





## ناوی بەشەکانی ڕووەك دەنوسم و وێنەکەی دەکێشم و ڕەنگی دەکەم

| ناوی بەشەکانی ڕووەك | وێنەی بەشێکی ڕووەك دەکێشم و ڕەنگی دەکەم |
| --- | --- |
| گوڵ | |
| گەڵا | |
| قەد | |
| ڕەگ | |



## ئەو بەشەی ڕوەك كە دەخورێت دەگـــەیەنم بە وشەی ڕاست.



ڕەگ



گــەڵا



گــوڵ



قــەد



## لەم وێنەیە بەشەکانی ڕووەك ڕەنگ دەکەم:

- قەدەکە بە ڕەنگی (سەوز).
- گوڵەکە بە ڕەنگی (پرتەقاڵی).
- گەڵاکە بە ڕەنگی (سوور) تۆخ.
- ڕەگەکە بە ڕەنگی (قاوەیی).





وانـــەی

٤

# پێویستییەکـانی ڕووەك چــین؟




## ئامانجەکانی فێربوون

- ١. تێبینی ئەوە دەکات کە ڕووەك پێویستی بە ڕوناکی و ئاو و هەوا و خاك هەیە.
- ٢. تێبینی و بەراوردی گەشەی ڕووەك دەکات .

# چالاكی

## پێداویستی ڕوەك بۆ گەشەكردن



پێویستیم بە ئـەمـــانە هـەیە.

سێ ڕوەك 

ئـــاو 

كـارتی هێما 

كـارتۆن 



١ ئاوی دەدەم دەیخەمە بەر ڕوناكی



٢ دەیخەمە بەر ڕوناكی و ئاوی نادەم



٣ ئاوی دەدەم نایخەمە بەر ڕوناكی



٤ دوای چەند ڕۆژێك بەراوردی دەكەم




## بـــۆ مـامـۆسـتـا



- ١. ڕوەكەكان پێویستییان بە (ئاو - هەوا - خاك - ڕوناكی) هەیە بۆ گەشەكردن.
- ٢. قۆناغەكانی گەشەكردن ڕوونبكرێتەوە ( لە دەنكە تۆوە دەست پێدەكات تا دەبێتە ڕوەكێكی پێگەیشتوو ) .
- ٣. باسكردنی گرنگی هەریەك لەو پێداویستییانە بۆ گەشەی ڕوەك . بە نەبوونی هەریەكێكیان قۆناغەكانی گەشەی ڕوەك دەوەستێت .



# چالاکی

بازنەیەك بە دەوری ئەو ڕووەکانە دەکێشم کە هەموو پێداویستییەکانی گەشەکردنی دەستدەکەوێت.



نیشانەی ❌ لەسەر ئەو ڕووەکەی کە پێداویستی گەشەکردنی بەدەست نەهێناوە دادەنێم.



نیشانەی ✓ لەسەر ئەو ژوورە دادەنێم کە ڕووەك تێیدا باشتر گەشەدەکات، پاشان گفتوگۆ لەگەڵ هاوڕێکانم دەکەم لەسەر وەڵامە ڕاستەکە.







بەهێڵێك ئەو شتانەی كە ڕوەك بۆ گەشەكردن
پێویستی پێیان هەیە دەگەیەنم بە ڕوەكەكە.

















● وێنەکان بە ژمارە ڕێك دەخەم لە ( ١ تا ٥ )
بەپێی کاتی ڕووانیان .



## ڕاهێنانی گشتی

کام لەمانەی خوارەوە گەشەدەکەن دەخەمە ناو بازنەیەك .













- كام لەمانەی خوارەوە لە پێداویستییەكانی گیانەوەر و ڕووەكن ڕەنگی دەكەم .













کامە لە ئەمانە لە پێداویستییەکانی ژیانن
بۆ گیانەوەر و ڕووەک بەیەکیان دەگەیەنم.












باری هەر ڕوەکێك بەپێی ئەو پێداویستیەی بۆی
دەگونجێت بەیەکتر دەگەیەنم.













١

# وەرزی یەکەم

## یەکەی دووەم

زانستەکانی زەوی

## بەندی یەکەم

شوێنێک بۆ ژیان



# شـــوێنێك بـــۆ ژيـــان





## ئامانجەکانی فێربوون

- ١. دابەشکردنی شوێنی ژیان بۆ زیندەوەران بۆ (وشکایی - ئاوی)
- ٢. ناسین و دیاری کردنی شوێنەکانی ژیان .



وانەی ١

# وشکایی

چالاکی

پێویستیم بە ئەمانە هەیە.



پارچە مقەبا (كارتۆن)



قوڕی دەستكرد



هەندێك كارتی وێنەی وشكایی



١ سەرنجدەدەم



٢ نمونەیەكی چیا دروستدەكەم



٣ نمونەیەكی دۆڵ دروستدەكەم



٤ بەراورد دەكەم

# شێوەکانی وشکایی و ئاوی













## بۆ مامۆستا

- **وشکایی :** ڕووی زەوییە داپۆشراوە بە گڵ و بەرد .
- **چیا :** ناوچەیەکی بەرزە، لوتکەیەکی هەیە و قەدپاڵەکانی لێژە.
- **دۆڵ :** نزمایییەکی وشکانییە لەنێوان دوو چیادا .
- **دەشت :** وشکانییەکی فراوانە و بێ بەرزییە .
- **ژینگەی ئاوی :** ئەو شوێنەی سەر زەوییە کە ئاوی تێدایە ، کە لەوانەیە سازاو یان سوێراو بێت و زیندەوەر و نازیندوی تێدایە .



مامۆستا باسی ئاوی سوێراو و سازاو بۆ قوتابی بکات . کە بۆچی سوێراو سوێرە بۆ خواردنەوە ناشێت و سازاو بۆ خواردنەوە دەشێت .



## چالاکی

لەم وێنەیەدا چیا بە (قاوەیی)، ئاو بە( شین )، دەشت بە (سەوز)، دۆڵ بە (زەرد) ڕەنگ دەکەم.



لەم وێنەیەدا هەر ژمارەیەك ئاماژە بۆ چ شوێنێك دەكات ناوەكەی دەنوسم :

١ ..........................

٢ ..........................

٣ ..........................

٤ ..........................





## چالاکی

نیشانەی ✓ لەسەر شێوەی وشکایی دادەنێم، کە کشتوکاڵ تیایدا ئاسانە

- هێڵێك بەدەوری ئەو شێوە ژینگەیە دەکێشم کە ماسی تێدا دەژی .





بە نیشانەی ✓ دۆڵ دیاری دەکەم .





**لەم پیتانە وشەی مانادار دروست دەکەم و دەیگەیەنم بە وێنەی گونجاوی بەرانبەر :**



ا و ئـ

---------------



ە ش د ت

---------------



یـ چ ا

---------------



ڵ ۆ د

---------------

# ١

# وەرزی یەکەم

## یەکەی دووەم

### زانستەکانی زەوی

## بەندی دووەم

### کەش



وانەی
١

# کەش چیە؟

## ئامانجەکانی فێربوون

- ناسینی بارەکانی کەش (**خۆرەتاو ، باراناوی ، بەفراوی ، باوبۆران**) .
- ڕەگەزەکانی کەش دەناسێت (**پلەی گەرمی ، با ، باران**).



چالاکی

# هەفتەیەك لەگەڵ کەشدا

پێویستیم بە ئـــەمـــانە هـــەیە.



پێنوسی ڕەنگکردن



خشتەی تۆمارکردن



هێماکانی باری کەش



١ ڕۆژانە بۆ ماوەی هەفتەیەك تێبینی باری کەش دەکەم.

٢ ئەوەی سەرنجی دەدەم لەسەر خشتەی تۆمارکردن وێنە دەکێشم، بە بەکارهێنانی هێماکانی باری کەش.

٣ خشتەکەم لەگەڵ خشتەی هاوڕێکانم بەراورد دەکەم.

# بارەكانی كەش

بەفراوی

باراناوی

خۆرەتاو

باوبۆران









## بۆ مامۆستا



- بۆ قوتابییان ڕوون بكاتەوە كە (كەش) بارودۆخی هەوایە لە دەرەوە.
- بۆ قوتابییان ڕوون بكاتەوە كە (كەش) باری جیاوازی هەیە لەوانە: (خۆرەتاو، باراناوی، بای توند، بەفراوی).

## چالاکی

بە ژمارە ئەم وێنانە ڕێك دەخەم:

خۆرەتاو ١

باوبۆران ٢

باراناوی ٣

بەفراوی ٤









# بارەکانی کەش و هەوا ڕەنگ دەکەم.











١

# وەرزی یەکەم

## یەکەی دووەم

زانستەکانی زەوی

## بەندی سێیەم

وەرزەکانی ساڵ



وانـــەی
١

# چـوار وەرزەکەی ساڵ



## ئامانجەکانی فێربوون

ساڵ لە چوار وەرز پێك دێت و بەشێوەیەکی سنوردار بەدوای یەکدا دێن.

جیاوازی نێوان وەرزەکان فێردەبێت .

چالاکی

# چوار وەرزەکەی سـاڵ

## پێویستیم بە ئـەمـانە هـەیە.

کاغەزی مقەبا 

مەقەست 

پێنوسی ڕەنگکردن 

وێنەی وەرزەکان 

کەتیرە 



١ ڕەنگیدەکەم



٢ دەیبڕم



٣ ڕێکیدەکەم



٤ پێوەی دەلکێنم و چەسپی دەکەم

**وشیاری تەندروستی:**

١-لەژێر چاودێری مامۆستا بەوریاییەوە مەقەستەکە بەکاربهێنە.

٢-لەدوای هەر چالاکییەکدا دەستەکانت جوان بشۆ.

# وەرزەکانی ساڵ



هاوین



بەهار



پایز



زستان

# جیاوازی نێوان وەرزەکانی ساڵ









## بــــۆ مـامۆسـتـا



- بۆ قوتابییان ڕوون بکاتەوە کە چوار وەرز لە کوردستان هەیە (**بەهار-هاوین-پایز-زستان**)
- باسـی سـیفەتی جیاکـەرەوەی هـەر وەرزێـك بـكات لـە ڕووی ( **پلـەی گەرمـی -بـا -بـاران و بەفـر** ) تـا قوتابـی بتوانێـت جیایـان بکاتـەوە .
- باسی خۆراك و جلو بەرگ بکات بۆ هەر وەرزێك .

## چالاکی

بـەپێی ڕیزبەندی ئەم وەرزانە ڕەنـگ دەکەم وەك لە خوارەوە هاتووە .

| | |
|---|---|
| بـەهـار ● سـەوز | هـاویـن ● زەرد |
| پـایـز ● پرتەقاڵی | زسـتـان ● شین |



## بەهێڵ وێنەکان بە وەرزەکان دەگەیەنم:



زستان



هاوین



بەهار



پاییز

• وەرزی هاوین و زستان ڕەنگ دەکەم.















وێنەی وەرزی بەهاری کــوردستان دەکێشم و ڕەنگی دەکەم.

# ڕاهێنانی گشتی

**ناوی وەرزەکان لەژێر هەریەکە لەم وێنانەی خوارەوە دادەنێم (بەهار - هاوین - پایز - زستان).**











وێنەکان بە وەرزی گونجاو دەگەیەنم.













## ڕەنووسی هەر زاراوەیەك لەژێر وێنەی گونجاو دەنوسم.

١ بەهار    ٢ هاوین    ٣ پایز    ٤ زستان











بەهێڵ بارەکانی کەش لەگەڵ زاراوەکان بەیەك دەگەیەنم.





| | | | |
|---|---|---|---|
| خۆرەتاو | بەفراوی | باوبۆران | باراناوی |





بەهێڵێك هەنگەكە دەگەیەنم
بـــە هێمای وەرزی بـــەهـــار.



## ٢

# وەرزی دووەم

## یەکەی سێیەم

زانستە فیزیاییەکان

## بەندی یەکەم

مادده



# زانســـته فیزیـــاییه‌کـــان




**ئامانجه‌کانی فێربوون**

- بزانێت که هه‌موو شتێکی ده‌وروبه‌رمان مادده‌یه.
- پۆلێنی مادده به‌پێی دۆخه‌کانی.

# مـــادده چـــيـيــه؟



## بـــۆ مـامـۆسـتـا



◄ **مادده:** هەموو شتێکی دەوروبەری ئێمە ماددەیە .

وانەی
١

# دۆخی ڕەقـــــــی

## چالاکی

پێویستیم بە ئـــەمـــانە هـــەیە.



چـــەند شـــتێك



پێنوس و کاغەز



١
تێبینی هەموو شتەکان دەکەم



٢
بەراوردی قەبارە و شێوە و ڕەنگی شتەکان دەکەم

٣
بـــە ســـێ ڕێگـــا شتەکـــان پۆلیندەکەم و وێنەکان دەکێشم

| | |
|---|---|
| قـــەبـــارە | |
| شـــێـــوە | |
| ڕەنـــــگ | |

# تــــەنــــەڕەقــــەکـــــان



## چالاکی

پێویستیم بە ئــەمــانە هــەیە.



شەشپاڵو



دەفری ڕوونی قەبارە جیاواز

شەشپاڵوەکە دەخەمە ناو دەفرێك پاشان دەیگوازمەوە بۆ دەفرەکەی تر ، وەك وێنەکە :



**ئایا شێوەی یان قەبارەی شەشپاڵوەکە گۆڕا ؟ چی دەرەنجام دەکەم ؟**

### بۆ مامۆستا



◄ دۆخی ڕەقی : مادده لە دۆخی ڕەقیدا شێوە و قەبارەی نەگۆڕە .



بازنەیەك بەدەوری ئەو ماددەیە دەكێشـــم
کە لە دۆخی ڕەقیدایە.













لەم وێنەیەدا سێ تەنی ڕەق ڕەنگ دەکەم.





# وێنەی تەنێکی ڕەق دەکێشم.

وانەی
٢

# دۆخی شلی





چالاکی

# ڕۆیشتنی ئاو

پێویستیم بە ئەمانە هەیە.


کوپێکی کاغەز


پێنوس


قامیش (قەسەب)


دەفرێکی گەورە


ئاو


١
کوپەکە کوندەکەم


٢
قامیشەکان دەخەمە
ناو کونەکانی کوپەکەوە


٣
ئاو دەکەمە کوپەکە


٤
تێبینیدەکەم

## چالاکی

پێویستیم بە ئـــەمــــانە هــەیە.


دەفرێکی پلە پلە کراو


کەموڵەیەکی قوچەکی


ئاوی ڕەنگاو ڕەنگ

ئاوە ڕەنگاوڕەنگەکە دەخەمە ناو دەفرە پلە پلە کراوەکە ، وەك وێنەکە:



بـەراوردی گۆڕانـی شـێوە و قەبـارەی ئـاوە ڕەنگاوڕەنگەکـەی نـاو دەفـرەکان دەکـەم ، چ دەرەنجامێکـم دەسـت دەکەوێـت ؟

## بـــۆ مـامۆسـتـا



◄ دۆخـی شـلی : مـاددە لـە دۆخـی شـلیدا شـێوەی دەگـۆڕێ بەپێـی ئـەو دەفـرەی کـە تێیدایـە و قەبـارەی نەگـۆڕە .



لەم وێنەیەدا مادده شلەکان ڕەنگ دەکەم.





وێنەی مادده شلەکان دەگەیەنم بە زاراوەی (شـــل).







شـــل







## ماسییەکە دەگەیەنم بە ئاوەکە:



وانـــەی
٣

# دۆخـــی گـــازی





چالاکی

# هەوا لە بوتڵدا

پێویستیم بە ئەمانە هەیە.

باڵۆن 

بوتڵێکی پلاستیك 



١

پەستان دەخەمە سەر بوتڵە پلاستیکەکە تێبینی ئەو هەوایە دەکەم کە لێوەی دەردەچێ، باڵۆنەکە پڕدەکەم لە هەوا و هەستدەکەم کە هەواکەی لێدەردەچێ



٢

باڵۆنەکە دەخەمە ناو بوتڵەکەوە بەشێوەیەك کە دەمی باڵۆنەکە لەسەر دەمی بوتڵەکە نوشتابێتەوە

٣

هەوڵدەدەم هەوا بکەمە ناو باڵۆنەکە ئایا چی لەناو بوتڵەکەدا هەیە؟ چ دەرەنجامێکم دەستدەکەوێت؟

# گازەکان



## چالاکی

فـو دەکەمـە باڵۆنێـك، پاشـان دەسـتی لـێ بـەردەدەم وەك وێنەکـە :





بەراوردی نێـوان شـێوە و قەبارەی باڵۆنەکـە دەکەم، چ دەرەنجامێکم دەستکەوت؟

ئەو گازە ڕەنگ دەکەم کە لەشلەکەدا هەیە.



## بـــۆ مـامـۆسـتـا

◄ **دۆخـی گازی:** مـاددە لـە دۆخـی گازیـدا شـێوە و قەبـارەی دەگۆڕێـت بەپێـی ئـەو دەفـرەی کـە تێیدایـە.





ئــەوەی گـــازی تێدایە بازنەکانیان بە
(شـــــین) ڕەنگ دەکەم.











# دۆخەکانی ماددە









وانـــەی ٤

# بارستایی و قەبارەی مادده







## ئامانجەکانی فێربوون

- ناسینی هەریەکە لە بارستایی و قەبارە.



# چالاکی

## میوەکان جیادەکەمەوە

پێویستیم بە ئـەمـــانە هــەیە.

| دوو سەبەتە | چەند میوەیەکی جیاواز |
|---|---|
|  |  |



**١** تێبینی قەبـــارەی میوەکـــان دەکـەم و میوە گەورەکـــان دەخەمە سەبەتە گەورەکـە ، میـوە بچوکـەکان دەخەمـە سـەبەتە بچوکەکـە .

**٢** تێبینی بارســتایی میوەکان دەکەم .



# تەنەکان لە قـــەبـــارە و بـــارســـــتایی جیاوازن



## چالاکی

ئەم تۆپانە بـــەژمارە، بەپێی قەبارەیان لە بچوکەوە بۆ گەورە ڕیز دەکەم:



ئەو شتانەی بارستاییەکەیان گەورەترە، بە (ســـوور) ڕەنگ دەکەم ،

ئەو شتانەی بارستاییەکەیان بچوکترە، بە (شـــین) ڕەنگ دەکەم :





**وێـــنـــەی دوو میوەی قەبارە جیاواز دەکێشم و هەریەکەیان بە ڕەنگێکی جیاواز ڕەنگ دەکەم :**

بەهێڵێك تۆپەکە دەگەیەنم بەو تۆڕەی کە بۆی گونجاوە:



# ڕاهێنانی گشتی



نیشانەی (✓) یان (X) لە کۆتایی دەستەواژەکان دادەنێم .

- ماددە لە دۆخی ڕەقی شێوە و قەبارەی نەگۆڕە . ☐
- ماددەی لە دۆخی شلی قەبارەی دەگۆڕێت . ☐
- ماددەی لە دۆخی شلی شێوەی نەگۆڕە . ☐
- ماددەی لە دۆخی گازی شێوە و قەبارەی دەگۆڕێت . ☐

وێنەکان دەگەیەنم بەو دۆخەی کە بۆی دەگونجێت .

شل　　ڕەق　　گاز











ئەو پەپولانەی کە هەمان قەبارەیان
هەیە بە یەك ڕەنگ ڕەنگیان دەکەم :



دیارییەکان بەپێی قەبارە و بارستاییان لە بچوکەوە بۆ گـەورە
بە ژمارە ڕیزیان دەکەم :





به ژماره ئەم ماددانە لە قورسەوە بۆ سووك ڕیز دەكەم:





بازنەی ئەو ماددەیە ڕەنگ دەكەم كە دۆخەكەی جیاوازە لە كۆمەڵەكەی:



بازنەی ژێر تەنە قورسەکە ڕەنگ دەکەم:


























لەژێر هەر وێنەیەك ناوی دۆخەکانی مـاددە
(ڕەق - شل - گاز) دەنوسم کە بۆی دەگونجێ:













بــە هێڵێك کەروێشکەکە دەگەیەنم بە گێزەرە گەورەکە



## ٢

# وەرزی دووەم

## یەکەی سێیەم

زانستە فیزیاییەکان

## بەندی دووەم

پاڵنان و ڕاکێشان



وانەی ١

# پاڵنان و ڕاکێشـان چین؟



## ئامانجەکانی فێربوون

- ناسینی هێزی پاڵنان و ڕاکێشان.
- تێبینی دەکات ڕاکێشان و پاڵنان چی دەکات و وەسفی دەکات.



چالاکی

# پاڵنان و ڕاکێشان چین؟

## پێویستیم بە ئـەمـانە هـەیە.



پەتێک کە بۆ جولاندنی تەنەکە بەکاردێت



تەنێکی بچوک

١



چی بکەم تا تەنەکە بجولێنم.

٢



پلانێکی لێکۆڵینەوە دادەنێم بۆ دڵنیابوون لە بیر و بۆچوونەکانم، پاشان جێبەجێیان دەکەم.

٣

لەو شتە دەدوێم کە بۆ جولاندنی تەنەکە بەکارمهێناوە و هەردوو زاراوەی پاڵنان و ڕاکێشان بەکاردەهێنم.

وانەی

## ٢

# چی شتەکان دەجوڵێنێ؟



جوڵە دەکەم بەرەو سەرەوە



جوڵە دەکەم بەرەو خوارەوە



جوڵە دەکەم بەرەو دواوە



جوڵە دەکەم بەرەو پێشەوە

## بۆ مامۆستا



- هێز ئاراستەی جوڵەی تەنەکان دەگۆڕێت .



کام لەم وێنانە پاڵنانە، بازنەکە بە(سوور) ڕەنگ دەکەم،
ئەوەی ڕاکێشانە بە (شـــین) ڕەنگ دەکەم.











نیشـــانەی (✓) لە چوارگۆشەی ئەو یارییانە دادنێم کە پـاڵیان پێوە دەنێم.

نیشـــانەی (X) لە چوارگۆشەی ئەو یارییانە دادەنێم کە ڕایـــــان دەکێشم.













ئــەوەی پاڵنانە بە زەرد ڕەنــگ دەکــەم،

ئەوەی کە ڕاکێشانە بە شین ڕەنگ دەکەم.







بــــە هێڵێك ئەو وێنــانە دەگەیەنم بەو **هێزەی**
کــە بـۆی دەگونجێت .





پــاڵنان

ڕاکێشان





# بەکارهێنانی هێز



هێزی پاڵنان



هێزی ڕاکێشان



هێزی پاڵنان





# ڕاهێنانی گشتی

بازنەیەك بەدەوری وەڵامە ڕاستەکە دەکێشم:

| | | |
|---|---|---|
| پـاڵنان | ڕاکێشان |  |
| پـاڵنان | ڕاکێشان |  |
| پـاڵنان | ڕاکێشان |  |
| پـاڵنان | ڕاکێشان |  |
| پـاڵنان | ڕاکێشان |  |



وشەی (پـــاڵنان) یان (ڕاکێشان) لەژێر هەر وێنەیەك دەنوسم کە بۆی دەگونجێت :





















## کام لەم وێنانە ڕاکێشانە دەیگەیێنم بە وشەکە





ڕاکێشان









کام لەم وێنانە پاڵنانە بە سوور ڕەنگ دەکەم،

کــــامیان ڕاکێشانە بە شـین ڕەنگ دەکەم:













به هێڵێك زاراوەی (پــاڵــنـــان) دەگەیێنم بە وێنەکەی



٢

# وەرزی دووەم

## یەکەی سێیەم

زانستە فیزیاییەکان

## بەندی سێیەم

موگناتیس



وانـــەی
1

# موگـــنـــاتیـــس چییە؟





## ئامانجەکانی فێربوون

- ناسینی موگناتیس و جەمسەرەکانی.
- ناسـینی ئـەو ماددانـەی کـە موگناتیـس ڕایـان دەکێشـێت و ئـەو مــــاددانەی توانـای ڕاکێشـانی نییـە.





چالاکی

# مـــوگـــنــاتیس چییە؟

پێویستیم بە ئــەمـــانە هــەیە.

دوو کارت




دوو موگناتیس



هەندێك شت



پەڕەی تۆمارکردن




١




پێشبینیدەکەم

٢




تۆماریدەکەم

٣



لێدەکۆڵمەوە

٤



تۆماریدەکەم

وانەی ٢

# جەمسەرەکانی موگناتیس













## بۆ مامۆستا



- ١. موگناتیس: جۆرێکە لە ئاسن ئەو شتانە کێش دەکات کە لە ئاسن دروستکراون .
- ٢. موگناتیس: توانای کێشکردنی ئاسنی هەیە لە ناو پەڕە کاغەز و قوماش و ئاو و شوشەدا .
- ٣. موگناتیس دوو جەمسەری هەیە :

١. جەمسەری باکور (N) کە بە ڕەنگی سوور ڕەنگ دەکرێت .

٢. جەمسەری باشور (S) بە ڕەنگی شین ڕەنگ دەکرێت.

وانەی ٣

# شێوەکانی موگناتیس




دەرزی موگناتیسی




موگناتیسی شێوە ناڵی ئەسپ




توڵی موگناتیسی



موگناتیسی بازنەیی



موگناتیسی شێوە هێلکەیی



موگناتیسی شێوە لوولەیی

## بۆ مامۆستا



- موگناتیس شێوەی جۆراوجۆری هەیە
- جەمسەرە لێکچوەکان لێك دوردەکەونەوە .
- جەمسەرە جیاوازەکان یەکتر کێشدەکەن

وانەی ٤

# هێزی موگناتیسی









ئەو چوارگۆشەیە ڕەنگ دەکەم کە باری مـــوگنـــاتیسەکە ڕووندەکاتەوە کە هێزی (کێشـــکردن - دوورکەوتنەوە)یە.



☐ دوورکەوتنەوە ☐ کێشـــکردن



☐ دوورکەوتنەوە ☐ کێشـــکردن



☐ دوورکەوتنەوە ☐ کێشـــکردن



☐ دوورکەوتنەوە ☐ کێشـــکردن



☐ دوورکەوتنەوە ☐ کێشـــکردن



☐ دوورکەوتنەوە ☐ کێشـــکردن



☐ دوورکەوتنەوە ☐ کێشـــکردن



بازنەیەك بەدەوری ئەو شتانە دەكێشم
كە **موگناتیس** ڕایان دەكێشێت.





## جەمسەرەکـــانی موگــناتیس بە ڕەنگی سـور و شـیـن ڕەنـــگ دەکــەم.






### نیشانەی (✓) بەرامبەر دەستەواژەی ڕاست دادەنێم.

١ جەمسەرە لێکچوەکانی موگناتیس یەکتر کێش دەکـەن. ☐

٢ جەمسەرە جیاوازەکانی موگناتیس یەکتر کێش دەکەن. ☐



وێنەکان بەیەك دەگەیەنم بۆ یەکتر کێش کردنی جەمسەرەکان.







# ڕاهێنانی گشتی



تەنها بە ژمارە ئەو شتانەی کە موگناتیس کێشیان دەکات و ئەوەی کە موگناتیس کێشیان ناکات لە خشتەکە دادەنێم.

| ئەو شتانەی موگناتیس کێشیان دەکات | | ئەو شتانەی موگناتیس کێشیان ناکات | |
|---|---|---|---|
| | | | |
| | | | |
| | | | |

١ 

٢ 

٣ 

٤ 

٥ 

٦ 

٧ 

٨ 

٩ 

لەم وێنەیەدا ، دوو دەفری پڕ ئارد ، کە یەکێکیان هەندێ بزماری تێدایە، چۆن دیاری دەکەین کامەیان بزمارەکانی تێدایە بێ ئەوەی ئاردەکە بەتاڵ بکەین.





لەم وێنەیەدا، مـــوگـــناتیسەکە بەهێڵێك بەو
شتانە دەگەیێنم کە کێشی دەکات.

















به هێڵێك موگناتیسەكە دەگەیێنم بەو شتەی كە كێشی دەكات



٢

# وەرزی دووەم

## یەکەی چوارەم

ژینگە و
تەندروستی و
هاتوچۆ

## بەندی یەکەم

ژینگە



# ژینگە



## ئامانجەکانی فێربوون

- ناسینی ژینگە و پێکهێنەرەکانی.
- چۆنیەتی پاراستنی ژینگە.



وانەی
١

# پاراستنی ژینگە



پاراستنی
ڕوەك



پاراستنی
خاك



پاراستنی
وزەی كارەبا



پاراستنی
پاكو خاوێنی



پاراستنی
ئاو

# بـــۆ مـامـۆسـتـا



- پێویستە زاراوەی ژینگە بۆ قوتابییان ڕوون بکرێتەوە .
- ژینگـە: شـوێنی ژیانـی زیندەوەرانـە (مرۆڤ - گیانـەوەر - ڕوەك ) لەگـەڵ  شـتە نازیندوەکانـی دەوروبـەری .
- گرنگی پاراستنی ژینگە ڕوون بکرێتەوە لە ڕووی :
  - پاراستنی پاکو خاوێنی .
  - پاراستنی ئاو و بەفیڕۆنەدانی .
  - پاراستنی وزەی کارەبا .
  - خۆپاریزی لە ئاگر .
  - پاراستنی خاك .
- هۆکارەکانی پیسبوونی ژینگە بۆ قوتابییان ڕوون بکرێتەوە . وەك :
  - فرێدانی زبڵ و خاشاك بۆ ناو ژینگە .
  - بەفیرۆدانی وزەی کارەبا .
  - بەفیرۆدانی ئاو .
  - دەنگی بەرز و ژاوەژاو .
  - دوکەڵی کارگەکان و ئوتۆمبێل .
  - شکاندن و سوتانی دارودرەخت .
- ڕۆژی ٣/٣١ی هەمـوو سـاڵێك ڕۆژی (ژینگـەی پەروەردەییـە) کـە دەبێت چالاکی ژینگـەیی تێدا ئەنجام بدرێت.
- لـە مانگـی چـوار  مامۆسـتا چالاکییەکـی ژینگـەیی ئەنجام بـدات بەبۆنـەی ڕۆژی ژینگـەیی لـە کوردسـتان کـە پەرلەمانـی کوردسـتان ڕێکەوتـی ٤/١٦ هەمـوو سـاڵێکی دیـاری کـردووە .





نیشانەی ✓ لە بازنەی ڕەوشتی باش و
نیشانەی ✗ لە بازنەی ڕەوشتی خراپ دادەنێم.













## ئـەم وێنەیە ڕەنـــگ دەکـەم:





بەهێڵێك ئەو هۆكارانەی دەبنە هۆی پاراستنی ژینگە و
ئەوانەی دەبنە هۆی پیس بوونی ژینگە بە وێنەکە دەگەیەنم.







پاراستنی
ژینگە

پیسکردنی
ژینگە





خێراترین و کورتترین ڕێگا دەدۆزمەوە بۆ ئەوەی ئاگرەکە بکوژێنمەوە.



## ٢

# وەرزی دووەم

## یەکەی چوارەم

ژینگە و تەندروستی و هاتوچۆ

## بەندی دووەم

تەندروستی



# تەندروستی



وانەی ١

# ددان شۆرین

چالاکی گشتی

پێویستیم بە ئەمانە هەیە.

فڵچە و هەویری ددان



دەبە ئاوێك



پەرداخی پلاستیك



١



٢



٣



٤



٥



# ڕەوشتی تەندروست





زوو لەخەو هەڵستان و
دەست شوشتن







# ڕەوشتی تەندروست

## وەرزشکردن و خواردنی ژەمی بەیانییان





## بـــۆ مـامـۆسـتـا



- پێویستە گرنگی زوو خەوتن و زوو لەخەو هەڵستان بۆ قوتابییان ڕوون بکاتەوە.
- گرنگی دەست و دەم و چاو شوشتن ڕوون بکاتەوە .
- پێویستە گرنگی وەرزشکردن ڕوون بکاتەوە .
- پێویستە گرنگی خواردنی ژەمی بەیانییان ڕوون بکاتەوە .

# ڕەوشتە ناتەندروستەکان



















## خواردنی تەندروست



## خواردنی ناتەندروست

## بۆ مامۆستا



- دەبێت خۆراکە تەندروستەکان بۆ قوتابییان ڕوون بکاتەوە کە پڕن لە ماددەی (پرۆتین و ڤیتامین) کە پێویستن بۆ گەشە و تەندروستییەکی باش.
- خۆراکە ناتەندروستەکان بۆ قوتابییان ڕوون بکاتەوە کە زیان بە تەندروستی لەش (جەستە) دەگەیەنن.

## چالاکی

بازنەی ئەو کردارەی دوای لەخەوهەڵستان ئەنجامی دەدەم، بە (ســــەوز) ڕەنگ دەکەم.











بازنەیەک بەدەوری خواردنە تەندروستەکان دەکێشم:

















## نیشانەی (X) بۆ بازنەی وێنە ناتەندروستەکان دادەنێم:











٢

# وەرزی دووەم

## یەکەی چوارەم

ژینگە و تەندروستی و هاتوچۆ

## بەندی سێیەم

هێماکانی هاتوچۆ



وانەی ١

# هێماکانی هاتوچۆ



# شوێنە گونجاوەکانی پەڕینەوە لە شەقام



## بـــۆ مـامـۆسـتـا



- قوتابییان فێری ناسینی هێماکان بکات بۆ ئۆتۆمبێل و پیادە .
- قوتابییان فێربکات لەو شوێنانە بپەڕنەوە کە پرد یان هێڵی پەڕینەوەیان هەیە .

## ئـەم منداڵـە دەگەیەنم بە هێما سـەوزەکە:





## هێماکانی هاتوچۆ لەم وێنەیە ڕەنگ دەکەم :

